# مێژوو ومەلەفی بەرنامەی ئەتۆمی ئێران و ووردەکاریەکانی ....

ئەندازیاری کارەبایی : تاریق فەقێ عەبدولاّ



بەشی یەکەم ....

## بەکانزاکردنی یۆرانیۆم وکارلیکردنە کیمیاویەکان

ئەم مەلەفەی ئامادەکراوە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەو مەلەفەی بە ووردەکاریەکانەوە نەگرتۆتەخۆ ، چونکە لەڕووی چەندێتی وچۆنێتیشەوە ناکرێت لەلێکۆلینەوە ومەلەفێکی ئاوادا هەموو پێناسەو لایەنەزانستیەکانی بەرجەستەبکرێن و بخرێتە بەردەستی خوێنەرانی بەرێز ، بەلام هەولّم داوە مێژووی بەرنامەکە وگرنگترین ئەو هەنگاوانەی لەوبوارەدا نراون لەگەلّ شوێن وکارگە ئەتۆمیەکان وبرگەومادەکانی تایبەت بە((ڕێکەوتنی نێودەولەتی بەرگرتن لەبلاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی )) گەربەشێوەیەکی کوردتیش بێت لەچەند بەشێکدا بخەمەبەرچاو ... هەلبەت وەك پرۆژەی ئەم مەلەفە بێکەموکوڕی نابێت ، بەلام ئامانجی سەرەکی زانیاری بەخشینە بەشێوەیەکی گشتی وهیوادرام ماددەیەکی وا هەرچەندە ووشکەبابەتە بتوانم بەزمانێکی وا باسی لێوەبکەم کە تاڕادەیەك شایستەبێت بەو کاتەی خوێنەری کورد بەخوێندنەوەی دەییاتە سەر وسوودی لێوەربگرێت .

هەربۆیە مەلەفی ئەم مەلەفی لێکۆلینەوە ئامێزەم دابەش بەسەر چەند تەوەرێکدا

## تەوەری یەکەم .... پێشکەی بەکانزایی کردنی ماددەی یۆرانیۆم

وەك سەرەتا دەبێ ئەوە بزانین کەئەو وولاتانەی بەشێوەیەکی سەرەکی ماددەی یۆرانیۆم وەك کەرەسەی خاولەڕووی ئابووریەوە بەرهەمی بهێنن بریتین لەهەریەك لەوولاتانی (( ئوستراليا ، کەنەدا ، چین ، کازاخستان ، نامیبیا / نە یجەر ، ڕووسیا ، ئۆزباکستان )) .

ماددەی یۆرانیۆم مادەیەکی سەرەکی بنەڕەتیە بۆ هەربەرنامەیەکی ئەتۆمی جا چ بۆ بەکارهێنانی مەدەنی ( ئاشتی ) یان سەربازی بێت ،یۆرانیۆم کۆپاك دەکرێت لەچین وتوێژەکانی توێژالی زەوی یان لەرێگەی دەرهێنانی ناوقولایی ناخی زەویەوە بەدەست دەکەوێت ، هەرچەندە ماددەی یۆرانیۆم بەشێوەیەکی سروشتی لەزۆرجێگە هەیە لەجیهان ، بەلام ڕێژەیەکی زۆرکەمی بەشێوەیەکی چڕ دەست دەکەون وەك کەرەسەی خاو کەبتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت ، کاتێك چەند گەردیلە وگەردێك لەماددەی یۆرانیۆم بەهۆی زنجیرەدك کارتێکرنی کیمیاویەوە پەرژوبلاودەبنەوە ، لەوە ووزەیەکی زۆر گەورە دروست دەبێت ( بەرهەم دێت ) ئەمەش ئەو پرۆسە کیمیاویەیە کە پێی دەگوترێت پرژانی ئەتۆمی ( ئینشتاری ئەتۆمی ) .گەردیلەی یۆرانیۆم سیفەتێکی وای هەیە کەبەشێوەی تیشك کاتێك بەهۆکارێك بهاوێژرێت یان دەربچێت ئەوا کاتێ بەرهەرتەنێکی تر دەکەوێت بەهەمان هێز وگوڕوتینەوە دەگەڕێتەوە وبەردەوام دەبێت تا بەرتەنێکی تر دەکەوێت وبەهەمان شێوە لەو تەنەوە دەگەڕێتەوە

وهەمان هێز وگورەوە بەردەوامدەبێت لەسەر ئاراستەی خۆی تابەرتەنێکی تر بەردەوام دەبێت بەم جۆر ئەو پرۆسەیە بەردەوام دەبێت بەبێ کۆتایی و پاش ماوەیەکی زۆر ووزەی شاردراوەی ئەو گەدیلە لەناودەچێت ونامێنێت ، کەڕەنگە بەهەزاران سالچی بوێت تا ووزەی هەبووی گەردیلەیەك لەشێونی هەبوونی نامێنێت .

کاتێك چەند گەردێکی دیاریکراو لەیۆرانیۆم لە پرۆسەی زنجیرەیەك کارتێکرنی کیمیاویدا دە پرژێت لەکارگەیەکی ئەتۆمی ، بەهێواشی ئەو پرژانە ڕوودەدات بەلام هەمان پرژان بەخێرایەکی زۆر مەزن دەبێت کاتێك لەئە نجامی تەقینەوەی بۆمبێکی ئەتۆمیەوە دەبێت ، هەرچەندە لەهەردووحالەتدا کۆنترۆلێکی ئاست بەرزی ئەو پرژانە دەکرێت .

هەرچی پرژانی ئەتۆمیە لەباشترین حالەتیدا ئەوکاتە دەبێت کە چەند گەرددی ( هاوچون یەك ) لەیۆرانیۆم ( یان پلۆتۆنیۆم 239 ) بەکاردەهێنرێت ، مەبەستیش لە گەردی هاوچن یەك ئەو گەردانەیە کە هەمان ژمارەی گەردیلەیان هەیە بەلام هەبوونی جیاوازی لەژمارەی نیوترۆن ، ئەمە ویۆرانیۆم 235 بە (گەردی هاوچونیەکی پرژاوی دادەنرێت چونەکە مەیلی زۆری هەیە بۆ پرۆان کەبەهۆیەوە زنجیرەیەك کارلێکردن بەدوای یەکدا دەکات وبەهۆیەوە ووزەیەکی زۆر بەشێوەی گەرمی دەردەپەڕێنێت .کاتێك گەردیلەیەك لەیۆرانیۆم –235 دە پرژێت ئەوا دوو نیوترۆن یان سێ نیوترۆن دەردەپەڕێنێت ، کاتێکیش گەردیلەیەکی تری یۆرانیۆمی – 235 لەتەنیشتەوەدەبێت ئەوا ئەم نیوترۆنانە بەری دەکەون ئەم پرۆسەیەش دەبێتە هۆی پرژانی گەردیلەی تر وبەمەش نیوترۆنی تر دەردەپەڕێت وئەوانیش بەرگەردیلەی تر دەکەون بەجۆرە ئەم کارلێکردنە کیمیاویە لەگەڵ بەریەك کەوتنی بەردەوام ڕوودەدەن ، بەڵام کارلێکردنی ئەتۆمی ڕوونادات ئەگەر بێتو ژمارەی پێویست لەگەردیلەی یۆرانیۆم – 235 نەبێت بەجۆرێك یارمەتی ئەوە بدات کەئەم پرۆسەیە وەك زنجیرەیەك کارلێکردنی کیمیاویی بەردەوامی بەخۆوە ببینێت بەجۆرێك پرۆسەکە خۆبزوێن ( ئۆتۆماتیك ) بێت ، ئەم مەرجەش بۆ بەردەوامبوونی ئەم پرۆسەیە ناونراوە ( کوتلەی حەرجە _ یان کوتلەی مۆلەقی ).




هەرچی بۆ زانینە کە هەر هەزار گەرد لەیۆرانیۆم تەنیا 7 گەردی یۆرانیۆم – 235 ی تیایا ، هەرچی گەردەکانی تری 993 یە لەیۆرانیۆمەکە ئەوا چڕترە و ژمارەی گەردیەکەی یۆرانیۆم – 238 ە .




**سەرچاوەکان** : _

* )**گۆڤاری تایم _ ی ئەمەریکی ژمارە** ( 11 )

* ) **گۆڤاری نیو ساینتستی زانستی**

* ) **سایتی ئەلکترۆنی بی بی سی _ ڕۆژی یەك شەممە بەرواری** 04 / 03 / 2007